# لەمپەرەکان و ئاسۆی داهاتووی کەرتی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجەدا

**فوئاد خالد سعید[1]، ڕەنجدەر جمال رشید[2]**

[1] بەشی کۆمەڵایەتی ،کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت ،زانکۆی سلێمانی ، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

[2] بەشی جوگرافیا ،کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان ،زانکۆی سلێمانی ، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: fuad.said@univsul.edu.iq

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لەچوارچێوەی جوگرافیای پیشەسازییدایە و یەکەمین توێژینەوەیە کە گرنگی دەدات بەکەرتی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجە و ناحیەکانی، لەڕێگەیەوە تەواوی ئەو فاکتەرانە شیدەکرێتەوە کە ڕێگرن لەپێش گەشەکردنی کەرتی پیشەسازیی لە ناوچەی توێژینەوەدا، دواتریش ئاییندەی ئەم کەرتە لەناوچەکەدا دەخرێتەڕوو، لەسەر بنەمای پلانێکی وردی زانستیی .

ئەم توێژینەوەیە هۆکارەکانی جێگیربوونی پیشەسازیی بەپێی یەکەکانی ناوچەی توێژینەوە پیشاندەدات، لەگەڵ ڕاڤەکردنی هۆکاری پشت دابەشبوونی پیشەسازیی لەناوچەکە، کە خۆی دەنوێنێت لە"بڕی سەرمایە و پێگەی جوگرافی و ئاووهەوا و بوونی کەرەستەی خاوو وزە"، لەگەڵ پیشاندانی کارلێکی نێوان ناوچەی توێژینەوەکە و هەرێمەکانی دەوروبەری؛ لەڕووی پیشەسازییەوە، بە تەواوی لقەکانیەوە لەپیشەسازیی گۆڕاوو بەرهەمهێنان.

سنوری توێژینەوەکەش هەمان سنوری کارگێڕی پارێزگای هەڵەبجەیە. گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکەش خستنەڕووی دیارترین ئەو هۆکارانەیە کە ڕێگرن لەپێش گەشەکردنی کەرتی پیشەسازیی لە ناوچەی توێژینەوە و پیشاندانی کاریگەری ئەم فاکتەرانە لەسەر گەشەی پیشەسازیی لەداهاتووی ناوچەکەدا. ڕێبازی هەرێمی و ڕێبازی شیکاریی بەکارهێندراوە، ئەمەش بۆ گەییشتن بووە بە ئامانجی توێژینەوەکە، لەسەر بنەمای ئامانجەکانیش توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ سێ تەوەر.

لەئەنجامدا توێژینەوەکە گەیشتۆتە چەند ڕاستییەك و لەسەر بنەمای ئەم ئەنجامانەش چەند پێشنیارێك خراوەتەڕوو؛ بۆ ڕەفتارکردن لەگەڵ ئەم لەمپەرانە .

**وشە کلیلیەکان:** پارێزگای هەڵەبجە ، پیشەسازیی، ئاسۆی داهاتوو، کێشەکان، لەمپەر


| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٧ ژمارە ٣ ساڵی(٢٠٢٢) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٤/٨ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٨/٢ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٢/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | fuad.said@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢٢ د. فوئاد خالد سعید ،ڕەنجدەر جمال رشید، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |



(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

**ملخص**

هذه الدراسه تقع فى مجال الجغرافيا الصناعية وهى الاولى من نوعها التى تركز على قطاع الصناعي في محافظة الحلبجة و نواحيها و من خلالها سيشرح العوامل التي تعيق تطور القطاع الصناعي في المنطقة الدراسة و آفاقها المستقبلية بالاعتماد على تخطيط علمي دقيق . هذه الدراسة ايضا تقوم بتحليل اسباب الترسيخ الصناعة حسب مناطق الدراسة، مع شرح للعوامل التي تودى الى تقسيم الصناعي في منطقة الدراسة ك"رأس المال و الموقع الجغرافي و المناخ و المواد الخام و مصادر الطاقة "، مع ابراز التاثير المتبادل بين المنطقة الدراسة والمناطق الصناعية المجاورة لها، في جميع فروعها من الصناعات التحويلية والانشائية.

نطاق الدراسة تشمل حدود الادارية لمحافظة حلبجة و الهدف الرئيسي لهذه الدراسة هو اظهار اهم عوائق التي تعترض تطوير الصناعة في منطقة المذكوره و تأثير هذه العوامل على تنمية الصناعية في مستقبل المنطقة. استخدم المنهج الاقليمي و المنهج التحليلي للوصول الى هدف الدراسة و بناءاً على الاهداف المنشوده تم تقسيم الدراسة الى ثلاث محاور.

في الختام، توصلت الدراسة الى بعض الحقائق و بناءً على هذه النتائج تم تقديم بعض المقترحات للتعامل مع العوائق.

**الكلمات مفتاحية:** محافظة الحلبجة ، الصناعة، آفاق المستقبل، مشاكل، معوقات

## Abstract

The current research falls within industrial geography domain and is regarded as the first particular study that focuses on the obstacles which prevent industrial development in Halabja governorate. This study sheds light on the obstacles as well as the future prospects of industrial sector in the afore-mentioned area based on the accurate scientific plans. Furthermore, the industrial bases and the factors behind their distribution in the area such as; amount of capital and investment, geographical location, climate, and availability of energy and raw materials will be explained. Also, industrial interaction between the target industrial area and surrounding areas in both transforming and production aspects will be investigated.

The scope of the study covers the administrative borders of Halabja governorate. The aim of the present study is to indicate the impediments which hinder the development of industrial sector in the target area and show the future prospects drawn for it. To achieve the aim of this study, regional and analytical methods were applied.

Based on the objectives, the research was divided into three chapters.

By the end of the research, some major findings have been reached according to which, certain suggestions have been proposed.

Keywords: Halabja governorate, industry, future prospects, problems, obstacles

## پێشەکی

کەرتی پیشەسازیی بڕبڕەی سەقامگیری ئابوری وڵاتانە، ناوچەی توێژینەوەکەیش پێویستی بەم کۆڵەکە بەهێزەیە بۆ هەستانەوەیەکی ئابوریانەی هەمیشەیی، بەجۆرێك پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوەدا ببێتە هۆی جێگیربوونی سەرمایە بەتایبەتی و دانیشتوان بەگشتی. کەرتی پیشەسازیی لەناوچەکەدا گرفتارە بەدەست چەندین کێشەوە، کە هەندێکیان کێشەی تایبەتین وەکو ( کەمی سەرمایە، کەمی دەستیکار، کەم ئەزمونی خاوەنکار) و هەندیکیشی پەیوەندن بە حکومەتەوە لەشێوەی ( زۆری باج، نادابینکردنی زەوی پیویست بۆ کارگەکان، نەبوونی قەرزی حکومی، ..هتد) کە دواتر بەوردی باسیان لیوەدەکەین، سەرباری ئەوەی لیرەدا هەڵدەستین بە خستنەرووی ئاسۆی گەشە و داهاتووی کەرتی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوەکەدا.

## کێشەی توێژینەوەکە

ئایا کێشەکانی کەرتی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوەدا لە ئەنجامی چەند فاکتەرێکی جیاوازەوە سەریان هەڵداوە؟ ئەم پرسیارە بە کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە دادەنرێت، جگە لەچەند پرسیارێکی تری لاوەکی وەکو:

١- ئایا ئاستەنگ هەیە لەپێش گەشەکردنی کەرتی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجەدا؟

٢- ئایا دەگونجێت لەداهاتوودا ئەم کەرتە لەناوچەکەدا بگاتە ترۆپکی گەشە ؟

## گریمانەی توێژینەوە

بەگشتی گریمانەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

١-ناوچەی توێژینەوەکە لەکاتی ئێستادا بەهۆی گرفتی کەمی سەرمایە و کەمی کەرەستەی خاوو نەبوونی ئاسانکاریی حکومییەوە دەناڵێنێت،ئەمانەش ڕێگرن لەپێشکەوتنی پیشەسازیی تێیدا.

٢-ناوچەی توێژینەوە لەداهاتوودا، دەگونجێت ببێت بە ناوەندێکی گرنگی پیشەسازیی .

## گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی توێژینەوەکەمان لە خوودی گرنگی پیشەسازییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە هۆکارە بۆ بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی تەواوی بنەماکانی ژیان لەناوچەی توێژینەوەدا، سەرباری ئەوەی ئەم توێژینەوەیە بەوردی کێشەکانی پێش گەشەکردنی ئەم کەرتەی لەناوچەی توێژینەوەدا خستۆتەڕوو .

## ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی توێژینەوەکەش خستنەڕووی دیارترین ئەو هۆکارانەیە کە ڕێگرن لەپێش گەشەکردنی کەرتی پیشەسازیی لە پارێزگای هەڵەبجە و پیشاندانی داهاتووی ئەم کەرتە لەناوچەی توێژینەوەکەدا.

## میتودی توێژینەوەکە

لەم تویژینەوەیەدا ڕێبازی هەرێمی و ڕێبازی شیکاری بەکارهێندراوە.



(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## سنوری ناوچەی توێژینەوە

پارێزگای هەڵەبجە دەکەوێتە باکوری رۆژهەڵاتی ولاتی عێراق، باشور رۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان و باشووری رۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانییەوە. لە رۆژهەڵاتیەوە هاوسنوورە لەگەڵ کۆماری ئێران و قەزای پێنجوێنیش دەکەوێتە باکوری ئەم پارێزگایەوە، هەروەها دەربەندیخان دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای و قەزای سیدصادقیش لەباکوری خۆرئاوای پارێزگای هەڵەبجەیە. پارێزگای هەڵەبجە لەرووی ئەسترۆنۆمییەوە دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی( ٣٥,٢٠,٢ ٥ و ٣٥,٢٦,٤)ی باکور و هێڵی درێژی( ٤٥,٤٨,١ و ٤٦,١٢,١)ی رۆژهەڵات، نەخشەی( ١).

## پلانی توێژینەوەکە

لەسەربنەمای ئامانجەکان ئەم توێژینەوەیە دابەشکراوە بۆسێ تەوەر، کە دواتر بەوردی باسیان لیوەدەکەین.

**نەخشەی (١)**

**شوێنی جوگرافی پارێزگای هەڵەبجە بەگوێرەی عێراق و هەرێمی کوردستان**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

١-بەکارهێنانی بەرنامەی (Arc.gis.10.5)

٢-دەزگای ئاماری هەرێم، نەخشەی بنچینەیی پارێزگای هەڵەبجە ، بۆ ساڵی ٢٠٢١ .

لەبەر ڕۆشنایی ئامانجەکان، توێژینەوەکە بۆ سێ تەوەر دابەشکراوە:-

## تەوەری یەکەم: پیشەسازیی و دیارترین کێشەکانی لەپارێزگای هەڵەبجەدا

یەکەم: کارگەکانی ناوچەی توێژینەوە لەڕووی ژمارە و دەستی کار و سەرمایەوە وەکو یەك دابەش نەبوون، بەڵکو دوابەدوای کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەپێی شوێن توێژەر هەستاوە بەخستنەڕووی دابەشبوونی تایبەتمەندیی جوگرافیانەی ژمارەیی کارگەکان لەپارێزگای هەڵەبجەدا، بەجۆرێك بەتیبینی کردنی خشتەی (١) بۆمان ڕووندەبیتەوە کە دابەشبوونی ژمارەیی کارگە پیشەسازییەکانی پارێزگای هەڵەبجە بەپێی یەکە کارگێرییەکان دەگۆڕێت، ئەمەیش لەسایەی دەستەبەری بنەما ئابوری و جوگرافیەکانی ناوچەی توێژینەوەکەوە، بۆئەمەیش پشت بەستراوە بە کۆکردنەوەی زانیاری ژمارەیی دەربارەی کارگەکانی ناوچەی توێژینەوەکە و سوود وەرگرتن لەم زانیاریانە لەریگەی ئیسقاتکردنی بۆسەر نەخشەی جوگرافی پشت بەست بە سیستمی( GIS )و بەگشتی دەبینین کە قەزای ناوەندی هەلەبجە( ٦٠,٢٨ ٪)ی کۆی کارگە پیشەسازییەکانی پارێزگاکە لەخۆدەگریت ئەمەیش بەهۆی کۆبونەوەی دانیشتوان و سەرمایە و پاشان ناحیەی سیروان دێت بە لەخۆگرتنی ( ٢٤,١٢ ٪)ی کۆی ژمارەی کارگەکانی ناوچەی توێژینەوەکە، دواتریش ناحیەکانی خورماڵ و بیارە بەڕێژەی یەك لەدوای یەکی ( ٩,٩٣ و ٤,٩٦ ٪)ی کۆی ژمارەی کارگەکانی ناوچەی توێژینەوە لەخۆدەگریت، بەلام ناحیەی بەمۆ (٠,٧٠ ٪)ی کارگەکانی ناوچەی توێژینەوەکە پێکدێنێت.

**خشتەی( ١ )**

**دابەشبوونی جوگرافی ژمارەی کارگە پیشەسازییەکان لەپارێزگای هەڵەبجە بۆ ساڵی ٢٠٢١**

| ژ | یەکەی کارگێری | ژمارەی کارگە | ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | قەزای ناوەند | ٨٥ | ٦٠,٢٨ |
| ٢ | سیروان | ٣٤ | ٢٤,١٢ |
| ٣ | خورماڵ | ١٤ | ٩,٩٣ |
| ٤ | بیارە | ٧ | ٤,٩٦ |
| ٥ | بەمو | ١ | ٠,٧٠ |
| | تێکرا | ١٤١ | ٩٩,٩٩ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە : سەردانی مەیدانی بۆناوچەی توێژینەوە و دابەشکردنی فۆرمی زانیاری.

## دووەم: هۆکارەکانی جێگیربوونی کەرتی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە

پیشەسازی چەندین بنەمای هەیە بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردن و مانەوەی و ئەوانیش: (سەرمایە، بازاڕ، کەرەستەی خاو، سەرمایە، دەستی کار ، ئاسایش، شوێنی جوگرافی، ڕێگای گواستنەوە، سیاسەتی ئابووری..هتد)وە بەبێ بوونی یەکێك لەم بنەمایانە ئەوا ئەوکەرتە پیشەسازییە بە کەرتێکی ناتەواو دێتە ئەژمار کردن.توێژەر بۆ ئەوەی بزانێت کامە هۆکار بوەتە هۆی جێگیر بوونی پیشەسازیەکان لە پارێزگای هەلەبجە هەستاوە بە جێگیر کردنی هۆکارەکانی جێگیر بوونی پیشەسازی لە فۆرمی توێژینەوەدا و پرسیاری لە خاوەن کارگەکان کردووە بۆ ئەوەی بزانێت کامە هۆکار کاریگەربووە لەسەر جێگیر بوونی پیشەسایەکەی لەوشوێنەدا، دەرئەنجامی دەرکەوتووە کە هۆکارەکانی جێگیربوونی پیشەسازی لە ناوچەی لێکۆلینەوەدا بەجۆریکە کە سەرمایە و کەرەستەی خاو گرنگترین دوو هۆکاری پشت ئەم جیگیربوونە پیکدینن بۆ تەواوی کارگەکان.

## سێیەم: کێشەکانی کەرتی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجەدا

بەگشتی کەرتی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجەدا دووچاری چەندین گرفت بوەتەوە کە گرنگترینیان بریتین لە: (( کێشەی کەرەستەی خاو، کێشەی ئامێری میکانیکی، کێشەی سوتەمەنی و وزە، بازاڕ و کێبڕکێ، کێشەی دەستیکار, کێشەی بچوکی ڕووبەر، کێشەی گواستنەوە و ئاووهەوا))، پشت بەست بە قوڵیی کێشەکان ڕیزبەندیمان بۆکردوون و لێرەوە باسیان لێوەدەکەین. ئەم کێشانەیش دووجۆرن، کە ئەوانیش:

١: ئەوکێشانەی دووچاری کەرتی پیشەسازیی بوون، بریتین لە:

### أ-کێشەی کەمی کەرەستەی خاو:

بەمەبەستی زۆر فراوان نەبوونی بابەتی توێژینەوەکە ئەوا بەهاوشیوەی زۆر کیشەی دیکە نەخشەی کیشەی کەمی کەرەستەی خاومان نەکیشاوە، بەلام پشت بەست بەخشتەی ژمارە(٢) بۆمان ڕووندەبیتەوە کە نائاسانی دەستەبەرکردنی کەرەستەی خاو لەناوخۆدا بۆ کارگەکان هۆکارێکی زەقە بۆ پێشنەکەوتنی کەرتی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوەکەدا، بەجۆرێك سادەترین پیشەسازیی کە پیشەسازیی نانە، پشت بە ئاردی تورکی و ئیرانی دەبەستێت، کە ئەمەیش پەیوەستە بە نرخی دۆلار بەرانبەر بەدینار و بەهای گومرك و کرێی گواستنەوە، سەرباری ئەوەی تەواوی کەرستەخاوەکانی پیشەسازیی کیمیایی و کانزایی لەناوچەکەدا پشت بەستن بە کەرەستەی خاوی دەرەکی، وە ناجێگیریی بەردەستیی کەرەستەی خاو بۆ کارگەکانی ناوچەکە وایکردووە نرخەکانیش بەپێی وەرزەکان و گۆڕان لەنرخی ڕۆژی کەرەستە خاوەکاندا بگۆڕێت، بەلام ئەمە مانای ئەوەنییە کە هیچ جۆرە کەرەستەیەکی خاو لەناوچەی توێژینەوەکەدا بوونی نییە، بەڵکو زۆرن کەرەستە خاوەکان بەلام نەبوونی ئامێری پێشکەوتوو بۆ بەباشی سوود لێوەرگرتنی هۆکارە بۆ سوود لێوەرنەگرتنی" بەهۆی زۆری خاوە نادەستەبەرەکان و جیاوازی لەنرخیان نەتوانراوە داتایەکی وردی ئەم بابەتە وەربگیریت، بەلام پشت بەست بەسەردانی مەیدانی توێژەر بۆناوچەی توێژینەوە کاریگەری ئەم کیشەیە بەزەق دیارکەوتووە، بەتایبەت لەکەرتەکانی کیمیایی و کانزایی و چاپەمەنیدا.

**خشتەی ( ٢ )**

**کەرەستەی خاوی هاوردەکراو بۆ پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی ٢٠٢١**

| کەرتی پیشەسازیی | جۆری کەرەستەی خاوی هاوردەکراو | شوێنی هاوردەکردن |
|---|---|---|
| پیشەسازیی بیناسازیی | چیمەنتو، لم، گەچ، بوحس، چەو، ئاو | ناوخۆی پارێزگا+ دەرەوە |
| پیشەسازیی خۆراك | ئارد, خوێ، خومرە، سۆدا، شەکر، رەنگی خۆراکی، نیيشاستە | ناوخۆ+ دەرەوە |
| پیشەسازیی کانزا | ئەلەمنیوم، پیبت، پلاستیك/ بۆیاخ/ دەزگا، ئاسن، پەنال، برغی | دەرەوە |
| پیشەسازیی کیمیایی | غازی شل، کەرەستەی لەکارکەوتوو، سلیکۆن | ناوخۆی پارێزگا+ دەرەوە |
| پیشەسازیی دارتاشی | تەختە دریژ، دار، تریشە، تاج، تەختەی MDF ،نەرمادە، قاچ بلۆك | ناوخۆی پارێزگا+ دەرەوە |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە سەردانی مەیدانی ناوچەی توێژینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری لەڕێگەی فۆرمی ڕاپرسییەوە لەپارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی ٢٠٢١

### ب-كێشەی نادەستەبەری ئامێری میكانیكی

پرۆژە پیشەیازییەكان پشت بەستن بە ئامێرو تەكنەلۆژیای پێشكەوتوو، تاوەكو كارگەكە لەڕووی تەكنیكەوە پێشكەوتوتربێت، جۆری بەرهەمی باشتر و بڕی زیاتردەبێت، سەرباری ئەوەی پێویستی بەدەستی كاری كەمتریش دەبێت، ئەمەیش جۆرێك لە نزمبونەوەی نرخ دێنێتەبەرهەم كە تاڕادەیەك دەتوانێت كێبڕكێی بەرهەمە هاوردەكراوەكان بكات، داجاریش ئەمە دەبێتە هۆی تەواو بەكارخستنی بەشەكانی كارگەكە و لەداهاتوویشدا بەسوود دەبێت بۆ پێگەیاندنی چینێك لە كرێكاری شارەزای تەكنەلۆژی پیشەسازیانە.

پشت بەست بە خشتەی ژمارە( ٣) دیاركەویت كە نادەستەبەری ئامیری میكانیكی لە كەرتی كانزاییدا بەهێزترین كیشەیە بەوپێیەی (٨٤٪) ی كارگەكانی ئەم كەرتە بەدەست نادەستەبەری ئامێری میكانیكییەوە دەنالێنن، لەكاتیكدا كەرتی كیمیایی كەمترین كاریگەری ئەم بنەمایەی لەسەرە ئەویش بە پیكهێنانی (٤٠٪)ی كۆی كیشەكانی كەرتی كیمیایی . لەكاتیكدا ڕێژەی كێشەی كەرتەكە لەئاست كۆی كیشەكاندا كەرتی كانزایی بەهەمان شیوە بەرزترین كیشەی ئەم بوارەی هەیە بە لەخۆگرتنی (٣٨,١٨٪) و كەرتی ككیمیاییش(١,٨١٪)ی ككۆی كیشەی كەرتەكان لەئاستی كۆی كیشەكان پێكدێنێت. بەلام ڕێژەی كێشەی كەرتەكە لەئاست پارێزگادا كەرتی كیمیایی (٠,٩٠٪) و كەرتی كانزاییش ( ١٨,٥٥٪)ی كۆی كێشەكانی پارێزگای هەلەبجە پێكدێنێت .

**خشتەی ( ٣)**


**نادەستەبەری ئامێری میكانیكی لەئاست كۆی كێشەكانی ناوچەی توێژینەوەدا**

| جۆری كێشە | كەرتی پیشەسازیی | ژ.كارگە | كێشە بەژمارە | كێشە بەڕێژە ٪ | ڕێژەی كێشەی كەرتەكە لەئاستی كۆی كیشەكان ٪ | ڕێژەی كێشەی كەرتەكە لەپارێزگا ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نادەستەبەری ئامێری میكانیكی | بیناكاریی | ١٣ | ٩ | ٦٩,٢٣ | ٨,١٨ | ٤,٠٧ |
| | خۆراكیی | ٦٧ | ٣١ | ٤٦,٢٦ | ٢٨,١٨ | ١٤,٠٢ |
| | كانزایی | ٥٠ | ٤٢ | ٨٤ | ٣٨,١٨ | ١٨,٥٥ |
| | كیمیایی | ٥ | ٢ | ٤٠" | ١,٨١ | ٠,٩٠ |
| | چاپەمەنی | ٦ | ٣ | ٥٠ | ٢,٧٣ | ١,٣٥ |
| | كارگە نیوچە پیشەسازیەكان | ٨٠ | ٢٣ | ٢٨,٧٥ | ٢٠,٩٠ | ١٠,٤٠ |
| | كۆی گشتی | ٢٢١ | ١١٠ | - | ٩٩,٩٩ | ٤٩,٢٩ |

سەرچاوە: كاری توێژەر پشت بەست بە سەردانی مەیدانی ناوچەی توێژینەوە و كۆكردنەوەی زانیاری لەڕێگەی فۆرمی ڕاپرسییەوە لەپارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی ٢٠٢١

نەخشەی (٢)

دابەشبوونی ئامێری میکانیکی بەپێی یەکە کارگێڕیەکانی ناوچەی توێژینەوەکە بۆسالی ٢٠٢١




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە :

١-سەردانی مەیدانی بۆناوچەی توێژینەوە و دابەشکردنی فۆڕمی زانیاری

٢-وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپیدانی پیشەسازیی، بەشی پلاندانان،٢٠٢١

## پ-کێشەی سووتەمەنی و وزە

لەناوچەی توێژینەوەکەدا تەواوی کارگەکان کێشەی نادەستەبەری سووتەمەنی هەرزان و گرانی نرخی کیلۆواتی کارەباوە دەناڵێنن، کە ئەمەیش لای خۆیەوە هۆکارە بۆ بەرزبوونەوەی نرخی شمەکی بەرهەمهاتوو و لەدەستدانی توانایی بۆ کێبڕکێی بەرهەمە بیانیەکان، سەرباری ئەم گرانی نرخە زۆرینەی کارگەکان پشت بە مۆلیدەی بەرهەمهێنانی کارەبا دەبەستن، کە ئەمەیش پێویستی بە گاز یان بەنزینی هەرزانە، لەکاتێکدا لەئێستادا نرخی سووتەمەنی بەرەو لوتکەی گرانی هەنگاو دەنێت هەربۆیە ئەم هەوڵەیش بۆ بەکارنەهێنانی کارەبای گرانبەهای حکومی

شکستی هێناوە، سەرباری ئەوەی مۆلیدەکان پیسەکەری ژینگەن بە دەنگەدەنگ و دووکەڵی ژەهراوی، هەروەها لەڕووی کوالێتیشەوە ڤۆڵتێی کارەبایان زۆرجار جێگیرنابێ ئامێری کارگەکان توشی لەکارخستن دەکاتەوە، سەرباری ئەوەی بڕان و کەمی کارەبای نیشتیمانی لەوەرزی هاویندا هۆکارە بۆ تێکچوونی زۆر بەرهەم بەتایبەت بەرهەمی کارگەکانی ساردەمەنی ودۆندرمە و سەهۆڵ، ئەمەیش وایکردووە کێشەی سووتەمەنی و کارەبا لەناوچەی توێژینەوەکەدا وەك کێشەیەکی دیار ببینرێت هەروەها پشت بەست بە خشتەی ژمارە( ٤ ) بۆمان ڕووندەبیتەوە کە کەرتی خۆراکی گەورەترین کیشەی سووتەمەنی ڕووبەڕوبوەتەوە لەنتوچەی توێژینەوەدا. بەوپێیەی (٥٨)کارگەی کەرتی خۆراکی لەکۆی (٦٧)کارگە لەناوچەی توێژینەوەدا ئەم گرفتەیان هەیە کە دەکاتە (٨٦,٥٦٪)ی کیشە لەسەر ئاستی هەمان کەرت و (٣٤,١١٪)ی کێشەی کەرتەکان لەئاستی کۆی کێشەکان و (٢٦,٢٤٪)ی ڕێژەی کێشەی کەرتەکە لەئاستی پارێزگادا. لەکاتێکدا کەرتی چاپەمەنی کەمترین کێشەی سووتەمەنی هەیە لەناوچەکەدا کە (٢)کارگەی کەرتی چاپەمەنی لەکۆی (٦)کارگە لەناوچەی توێژینەوەدا ئەم گرفتەیان هەیە کە دەکاتە (٣٣,٣٣٪)ی کشە لەسەر ئاستی هەمان کەرت و (١,١٧٪)ی کێشەی کەرتەکان لەئاستی کۆی کێشەکان و (٠,٩٠٪)ی ڕێژەی کێشەی کەرتەکە لەئاستی پارێزگاکەدا.

**خشتەی (٤ )**

**کێشەی سوتەمەنی لەئاست کۆی کێشەکانی ناوچەی توێژینەوەدا**

| جۆری کێشە | کەرتی پیشەسازیی | ژ.کارگە | کێشە بەژمارە | کێشە لەسەرئاستی هەمان کەرت بەرێژە ٪ | کێشەی کەرتەکە لەئاستی کۆی کیشەکان ٪ | رێژەی کێشەی کەرتەکە لەپارێزگا ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سوتەمەنی | بیناکاریی | ١٣ | ١٠ | ٧٦,٩٢ | ٥,٨٩ | ٤,٥٢ |
| | خۆراکیی | ٦٧ | ٥٨ | ٨٦,٥٦ | ٣٥,١٢ | ٢٦,٢٤ |
| | کانزایی | ٥٠ | ٣٤ | ٦٨ | ٢٢ | ١٥,٣٨ |
| | کیمیایی | ٥ | ٣ | ٦٠ | ١,٧٦ | ١,٣٥ |
| | چاپەمەنی | ٦ | ٢ | ٣٣,٣٣ | ١,١٩ | ٠,٩٠ |
| | کارگە نیوچە پیشەسازیەکان | ٨٠ | ٥٢ | ٦٥ | ٣٣,٥٩ | ٢٣,٥٢ |
| | کۆی گشتی | ٢٢١ | ١٧٠ | - | ٩٩,٩ | ٧١,٩١ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە سەردانی مەیدانی ناوچەی توێژینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری لەڕێگەی فۆرمی ڕاپرسییەوە لەپارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی ٢٠٢١

## ت-کێشەی سەرمایە

کەمی سەرمایەی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوەدا کێشەیەکی ڕوونی پارێزگای هەڵەبجەیە، ئەمەیش بەوپێیەی سەرمایەی پیشەسازیی پێویستی بەکاتە بۆ سەرکەوتن و دەستخستنی قازانج بەپێچەوانەی کەرتی گەشتوگوزار و بازرگانی، کە زۆر بەخێرایی قازانجەکان دیاردەخەن. نەبوونی سەرمایەیش هۆکارە بۆ دواکەوتوویی جۆری کارگەکانی ناوچەکە و کەمی بەرهەم و دواجاریش ڕەنگە زۆرینەیان دووچاری داخستن و شکستی تەواو ببنەوە، بەگشتیش ڕێژەی ئەو کارگانەی بەدەست کەمی سەرمایەوە گرفتارن، بریتین لە( ٤٢,٩٨٪)ی کۆی کارگەکانی ناوچەکە، بەچەشنێك کەرتی چاپەمەنی کەمترین کێشەی سەرمایەی هەیە لەناوچەکەدا کە (١)کارگەی کەرتی چاپەمەنی لەکۆی ( ٦)

کارگە لەناوچەی توێژینەوەدا ئەم کێشەیەیان هەیە کە دەکاتە (١٦,٦٦٪)ی کشە لەسەر ئاستی هەمان کەرت و (١,٠٥ ٪)ی کێشەی کەرتەکان لەئاستی کۆی کێشەکان و ( ٠,٤٥٪)ی ڕێژەی کێشەی کەرتەکە لەئاستی پارێزگاکەدا.

لەکاتێکدا (٨)کارگەی کەرتی بیناکاری لەکۆی ( ١٣)کارگە لەناوچەی توێژینەوەدا ئەم گرفتەیان هەیە کە دەکاتە ( ٦١,٥٣٪)ی کیشە لەسەر ئاستی هەمان کەرت و (٨,٤٢٪)ی کێشەی کەرتەکان لەئاستی کۆی کێشەکان و (٣,٦٢٪)ی ڕێژەی کێشەی کەرتەکە لەئاستی پارێزگادا.

**خشتەی ( ٥ )**


**کێشەی سەرمایە لەئاست کۆی کێشەکانی ناوچەی توێژینەوەدا**

| جۆری کێشە | کەرتی پیشەسازیی | ژ.کارگە | کێشە بەژمارە | کێشە لەسەرئاستی هەمان کەرت بەرێژە ٪ | کێشەی کەرتەکە لەئاستی کۆی کیشەکان ٪ | ڕێژەی کێشەی کەرتەکە لەپارێزگا ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەرمایە | بیناکاریی | ١٣ | ٨ | ٦١,٥٣ | ٨,٤٢ | ٣,٦٢ |
| | خۆراکیی | ٦٧ | ١٧ | ٢٥,٣٧ | ١٧,٨٩ | ٧,٦٩ |
| | کانزایی | ٥٠ | ٣٨ | ٤١,٧٥ | ٤٠ | ١٧,١٩ |
| | کیمیایی | ٥ | ٢ | ٧٦ | ٢,١٢ | ٠,٩١ |
| | چاپەمەنی | ٦ | ١ | ١٦,٦٦ | ١,٠٥ | ٠,٤٥ |
| | کارگە نیوچە پیشەسازیەکان | ٨٠ | ٢٩ | ٣٦,٢٥ | ٣٠,٥٢ | ١٣,١٢ |
| | کۆی گشتی | ٢٢١ | ٩٥ | - | ١٠٠ | ٤٢,٩٨ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە سەردانی مەیدانی ناوچەی توێژینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری لەڕێگەی فۆرمی ڕاپرسییەوە لەپارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی ٢٠٢١

**نەخشەی (٢)**

**دابەشبوونی سەرمایە بەپێی یەکە کارگێڕیەکانی ناوچەی توێژینەوەکە بۆسالی ٢٠٢١**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە :

١-سەردانی مەیدانی بۆناوچەی توێژینەوە و دابەشکردنی فۆرمی زانیاری.

٢-وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی، بەرێوەبەرایەتی گشتی گەشەپیدانی پیشەسازیی، بەشی پلاندانان،٢٠٢١

## ج-کێشەی بازاڕ و کێبڕکێی بەرهەمی بیانی

ئامانج لە دامەزراندنی هەر کارگەیەك بەدەستهێنانی قازانجە، قازانجیش پەیوەستە بە بازارەوە، بازاڕیش پێویستی بە جێگیریی دۆخی دارایی و ڕامیاریی هەیە. زۆرێك لەبەرهەمە پیشەسازییەکانی ناوچەکە لەجۆری ساردەمەنی و شیرینی و نان، پێویستی بە بازاڕی خێرا هەیە بۆ ساغکردنەوەی، بۆئەمەیش پێویستە ڕێژەی خواستی زیاتربێت وەك لەبەرهەمەم، بەڵام لەناوچەی توێژینەوەکەدا بەهۆی کەمی ژمارەی دانیشتوان و کۆبونەوەی زۆرینەی کارگەکان لەسنوری قەزای ناوەندی هەڵەبجەدا زۆرجار بەرهەمی کارگەکانی دووچاری تەلەف بوون دەبنەوە، چونکە خواست کەمترە لەبەرهەمم، سەرباری کێشەی کێبڕکێی بەرهەمی بیانی و نزیکی ناوچەکە لەسنوری ئێرانەوە کە وایکردووە جا بەفەرمی بێ یان قاچاخ شمەکی ئێرانی گیرفانی خەڵکی شارەکە داگیربکات، ئەمەش هۆکارێکی گەورەیە بۆ سەرنەکەوتنی پیشەسازیی لەم ناوچەیەدا. لەلایەکی ترەوە بۆ دروستکردنی بازاڕکاری هەموو کارگەکان پێویستیان بە ڕیکلامە، ڕیکلامیش تێچووی بەرهەمم زیادتردەکات، بەگشتیش کێشەی بازاڕ دیارترین کێشەی کارگەکانی ناوچەی توێژینەوەکەن، پشت بەست بەخشتەی( ٦) دیاردەکەوێت کە ( ٤٩)کارگەی کەرتی خۆراکی لەکۆی ( ٦٧)کارگە لەناوچەی تویژینەوەدا ئەم گرفتەیان هەیە کە دەکاتە ( ٧١,٠١٪)ی کیشە لەسەر ئاستی هەمان کەرت


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

و (٤٣،٧٥٪)ی کێشەی کەرتەکان لەئاستی کۆی کێشەکان و (٢٢,١٧٪)ی ڕێژەی کێشەی کەرتەکە لەئاستی پارێزگادا. لەکاتێکدا کەرتی کیمیایی کەمترین کێشەی بازاری هەیە لەناوچەکەدا کە (١)کارگەی کەرتی کیمیایی لەکۆی ( ٥ )کارگە لەناوچەی توێژینەوەدا ئەم گرفتەیان هەیە کە دەکاتە (٢٠٪)ی کیشە لەسەر ئاستی هەمان کەرت و (١٤,٢٨٪)ی کێشەی کەرتەکان لەئاستی کۆی کێشەکان و (٧,٢٣ ٪)ی ڕێژەی کێشەی کەرتەکە لەئاستی پارێزگاکەدا.

**خشتەی ( ٦ )**

**کێشەی بازاڕ لەئاست کۆی کێشەکانی ناوچەی توێژینەوەدا**

| جۆری کێشە | کەرتی پیشەسازی | ژ.کارگە | کێشە بەژمارە | کێشە کێشە لەسەرئاستی هەمان کەرت بەڕێژە ٪ | کێشەی کەرتەکە لەئاستی کۆی کێشەکان ٪ | ڕێژەی کێشەی کەرتەکە لەپارێزگا ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بازار | بیناکاری | ١٣ | ٧ | ٥٣,٨٤ | ٦,٢٥ | ٣,١٦ |
| | خۆراکیی | ٦٧ | ٤٩ | ٧١,٠١ | ٤٤,٧٨ | ٢٢,١٧ |
| | کانزایی | ٥٠ | ٣٧ | ٤٠,٦٥ | ٣٣,٠٣ | ١٦,٧٤ |
| | کیمیایی | ٥ | ١ | ٢٠ | ٠,٨٩ | ٠,٤٥ |
| | چاپەمەنی | ٦ | ٢ | ٣٣,٣٣ | ١,٧٩ | ٠,٩١ |
| | کارگە نیوچە پیشەسازیەکان | ٨٠ | ٥٢ | ٦٥ | ٣٣,٥٩ | ٢٣,٥٢ |
| | کۆی گشتی | ٢٢١ | ١١٢ | ٠ | ٩٩,٩ | ٥٠,٦٦ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە سەردانی مەیدانی ناوچەی توێژینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری لەڕێگەی فۆرمی ڕاپرسییەوە لەپارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی ٢٠٢١

## چ-کێشەی دەستی کاری شارەزا

ئەم جۆرە کێشەی باوی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکانە، تەنانەت خوودی خاوەن کارگەیش شارەزاییەکی ئەوتۆی لە چۆنێتی ئیدارەدان و بەرهەمهێنانی شمەکی پێویستیدا نییە، سەرباری نەبوونی مێژوویەکی کۆنی پیشەسازگەرێتی لەناوچەی توێژینەوەکەدا، نەبوونی بەش و هۆبەی پێگەیەنەری کرێکاری شارەزا لەناوچەکەدا وایکردووە هەرجۆرە کارگەیەك دابنرێت پێویستی بەدەستی کاری شارەزای دەرەکی بێت و خەڵکی ناوچەکە لەدەرەوەی بازنەی کاردا بمێننەوە. ڕێژەی ئەوکارگانەی بەدەست نەبوونی کرێکاری شارەزاوە دەناڵێنن بریتین لە( ٣٧,١٣ ٪)ی کۆی کارگەکانی ناوچەکە، زۆرێکیش لەکارگە بچوکەکانی ناوچەکە بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە توێژینەوەی قازانجیی( دراسە جدوی)ی هەبێت، دامەزراون، هەربۆیە ئەگەری شکستیان هەمیشە ئەگەرێکی بەهێزە.

بەشیکردنەوەی خشتەی ژمارە(٧) دیاردەکەوێت کە ل کەرتی کارگە نیوچە پیشەسازیەکان کەمترین کێشەی دەستی کاری شارەزایان هەیە لەناوچەکەدا کە (١١)کارگەی لەکۆی ( ٨٠ )کارگە لەناوچەی توێژینەوەدا ئەم کێشەیەیان هەیە کە دەکاتە (٢٩,٧٢٪)ی کشە لەسەر ئاستی هەمان کەرت و (١٣,٥٨ ٪)ی کێشەی کەرتەکان لەئاستی کۆی کێشەکان و ( ٥,٠٤٪)ی ڕێژەی کێشەی کەرتەکە لەئاستی پارێزگاکەدا. لەکاتێکدا (٥ )کارگەی کەرتی چاپەمەنی لەکۆی ( ٦ )کارگە لەناوچەی توێژینەوەدا ئەم گرفتەیان هەیە کە دەکاتە ( ٨٣,٣٣٪)ی کیشە لەسەر ئاستی هەمان کەرت و (٦,١٧٪)ی کێشەی کەرتەکان لەئاستی کۆی کێشەکان و (٢,٢٩٪)ی ڕێژەی کێشەی کەرتەکە لەئاستی پارێزگادا.


### خشتەی (٧)
### کێشەی دەستی کاری شارەزا لەئاست کۆی کێشەکانی ناوچەی توێژینەوەدا

| جۆری کێشە | کەرتی پیشەسازی | ژ.کارگە | کێشە بەژمارە | کێشە لەسەرئاستی هەمان کەرت بەرێژە ٪ | کێشەی کەرتەکە لەئاستی کۆی کێشەکان ٪ | رێژەی کێشەی کەرتەکە لەپارێزگا ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دەستی کاری شارەزا | بیناکاری | ١٣ | ٦ | ٤٦,١٥ | ٧,٤٠ | ٢,٧٥ |
| | خۆراکی | ٦٧ | ٢٥ | ٣٦,٢٣ | ٣٠,٨٦ | ١١,٤٦ |
| | کانزایی | ٥٠ | ٣١ | ٣٤,٠٦ | ٣٨,٢٧ | ١٤,٢٢ |
| | کیمیایی | ٥ | ٣ | ٦٠ | ٣,٧٠ | ١,٣٧ |
| | چاپەمەنی | ٦ | ٥ | ٨٣,٣٣ | ٦,١٧ | ٢,٢٩ |
| | کارگە نیوچە پیشەسازیەکان | ٨٠ | ١١ | ٢٩,٧٢ | ١٣,٥٨ | ٥,٠٤ |
| | کۆی گشتی | ٢٢١ | ٨١ | | ٩٩,٩٨ | ٣٧,١٣ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە فۆرمی راپرسی .

### نەخشەی (٤)

دابەشبوونی دەستیکار بەپێی یەکە کارگێڕیەکانی ناوچەی توێژینەوەکە بۆسالی ٢٠٢٠




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە :


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

١-سەردانی مەیدانی بۆناوچەی توێژینەوە و دابەشكردنی فۆرمی زانیاری.

٢-وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپیدانی پیشەسازیی، بەشی پلاندانان، ٢٠٢١

## ح-كێشەی كەمی زەوی

كەمی زەوی تەرخانكراو بۆكەرتی پیشەسازیی لە ناوچەی پیشەسازییدا دیسانەوە كێشەیەكی گەورەی پێش پێشنەكەوتنی كەرتی پیشەسازییە لەناوچەی توێژینەوەدا.

بەچەشنێك وەك لە خشتەی ژمارە( ٨ )دا روونكراوەتەوە.

كەرتی كیمیایی كەمترین كێشەی كەمی زەویی هەیە لەناوچەكەدا كە (١)كارگەی كەرتی كیمیایی لەكۆی ( ٥ )كارگە لەناوچەی توێژینەوەدا ئەم كێشەیەیان هەیە كە دەكاتە (٢٠٪)ی كیشە لەسەر ئاستی هەمان كەرت و ( ٠,٦٥٪)ی كێشەی كەرتەكان لەئاستی كۆی كێشەكان و ( ٠,٤٥٪)ی رێژەی كێشەی كەرتەكە لەئاستی پارێزگاكەدا. لەكاتێكدا ( ٧٥)كارگەی كەرتی كارگە نیوچە پیشەسازیەكان لەكۆی ( ٨٠)كارگە لەناوچەی توێژینەوەدا ئەم گرفتەیان هەیە كە دەكاتە ( ٨٢,٤١٪)ی كیشە لەسەر ئاستی هەمان كەرت و (٤٩,٣٤٪)ی كێشەی كەرتەكان لەئاستی كۆی كێشەكان و (٣٦,١٩٪)ی رێژەی كێشەی كەرتەكە لەئاستی پارێزگادا.

**خشتەی ( ٨ )**

| جۆری كێشە | كەرتی پیشەسازیی | ژ.كارگە | كێشە بەژمارە | كێشە لەسەرئاستی هەمان كەرت بەڕێژە ٪ | كێشەی كەرتەكە لەئاستی كۆی كیشەكان ٪ | رێژەی كێشەی كەرتەكە لەپارێزگا ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| كەمی زەوی | بیناكاریی | ١٣ | ٧ | ٥٣,٨٤ | ٤,٦٠ | ٣,١٦ |
| | خۆراكیی | ٦٧ | ٤٩ | ٧٠,٠١ | ٣٢,٢٣ | ٢٢,١٧ |
| | كانزایی | ٥٠ | ١٦ | ٤٣,٢٤ | ١٠,٥٢ | ٧,٣٣ |
| | كیمیایی | ٥ | ١ | ٢٠ | ٠,٦٥ | ٠,٤٥ |
| | چاپەمەنی | ٦ | ٤ | ٨٠ | ٢,٦٣ | ١,٨٠ |
| | كارگە نیوچە پیشەسازیەكان | ٨٠ | ٧٥ | ٨٢,٤١ | ٤٩,٣٤ | ٣٦,١٩ |
| | كۆی گشتی | ٢٢١ | ١٥٢ | - | ٩٩,٩٧ | ٦٩,٦٩ |

سەرچاوە: كاری توێژەر پشت بەست بە فۆرمی راپرسی .

## دووەم-ئەوكێشانەی كەرتی پیشەسازیی دروستیكردوون

پاش خستنەرووی ئەوكێشانەی كارگە پیشەسازییەكانی ناوچەی توێژینەوەكە بەدەستییەوە دەناڵێنن ئەوا پێویستە تەواوی ئەوكێشانەیش ئاماژە پێبدەین كە ئەم كارگانە دەیئافرێنن، كە ئەوانیش بریتین لە:

أ- كێشەی كۆبونەوەی پیشەسازیی

پشت بەست بەخشتەی ژمارە( ٩) بۆمان روونەبیتەوە كە پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوەكەدا دەناڵێنێت بەدەست كۆبونەوەی نارێكی كارگەكانەوە، بەجۆرێك ئاراستەی زۆرینەی كارگەكان بەرەو قەزای سەنتەرە، هەربۆیە گەر بە ژمارە وەربیگرین ئەوا( ٨٥)كارگە دەكەونە

سەنتەرەوە بە ڕێژەی (٦٠,٢٨ ٪ )ی کارگەکان لەسەنتەری هەڵەبجەدا کۆبونەتەوە ، کە هۆکاری ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ گردبونەوەی زۆرینەی دانیشتوانی پارێزگاکە بەڕێژەی( ٦١,٢٪) لەقەزای سەنتەر و ترسنۆکی سەرمایە کە ئامانجی قازانج بازاڕی خێرای و ئەمەیش تەنها لەقەزای سەنتەردا دەستەبەرە، سەرباری بوونی ڕێگاوبان و ژێرخانی ئابووری و دەستی کاری تەواو لە قەزای سەنتەردا، کە بڕبڕەی پیشەسازین، بەڵام ئەمەیش چەندین کێشەی گەورەی خولقاندووە لەڕووی ژینگە و تێکدانی ڕێگاوبانەوە. هەروەها ئەوەش دیارکەوتووە کە ناحیەی سیروان بە لەخۆگرتنی (٣٤)کارگە (٢٤,١٢٪)ی کارگەکانی پارێزگاکەی تیدا کۆبوەتەوە و (٩,٩٣٪)ی کارگەکانیش لەناحیەی خورمالدان" هەرچی ناحیەی بیارەشە تەنها (٤,٩٦٪)ی کارگەکانی تیدایە و ناحیەی بەمۆش (٠,٧٠ ٪)ی کۆی کارگەکانی پارێزگاکە لەخۆ دەگریت. .

**خشتەی ( ٩ )**

**کێشەی کۆبونەوەی پیشەسازیی لەئاست کۆی کێشەکانی ناوچەی توێژینەوەدا**

| ژ | یەکەی کارگێڕی | ژمارەی کارگە | ڕێژەی کێشەی کۆبونەوە |
|---|---|---|---|
| ١ | قەزای ناوەند | ٨٥ | ٦٠,٢٨ |
| ٢ | سیروان | ٣٤ | ٢٤,١٢ |
| ٣ | خورماڵ | ١٤ | ٩,٩٣ |
| ٤ | بیارە | ٧ | ٤,٩٦ |
| ٥ | بەمو | ١ | ٠,٧٠ |
| | تێکرا | ١٤١ | ٩٩,٩٩ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە سەردانی مەیدانی ناوچەی توێژینەوەکە لەپارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی ٢٠٢١

*ئەم خشتەیە ئاماژەیە بۆ کێشەی کۆبونەوەی پیشەسازیی نەك ڕێژەی چربونەوە.

## ب-پیسبوونی ژینگەیی

مەبەست لەپیسبوونی ژینگە هەموو گۆڕانکاریەکی چەندی یاخود چۆنی یە لەپێکهێنەرەکانی ژینگەی زیندوو نازیندوو بە شێوەیەك ژینگە ناتوانێت وەریانگرێت بەبێ تێکچونی هاوسەنگیەکەی، (حمید، ٢٠٠٣، صفحة ٤٥)، واتا پیسبوونی ژینگە بریتی یە لە زیادبوونی خەستی یان چڕی جۆرێك یان جۆرەها ماددە و وزە کە زۆرتر بێت لە ئاستی ڕادەی سروشتی لەبار، ئەم زیادبونەش بە هۆکاری سروشتی و مرۆیی یەوە ڕوودەدات، (احمد، ٢٠٠٨، صفحة ١٢). پیسکەرەکانیش هەموو ئەو توخمە زیان بەخشانە دەگرێتەوە کە لە بەرگە هەوادا بڵاو دەکرێتەوە یان فرێ دەدرێنە بەرگە ئاو یان بەسەر زەویدا بڵاو دەکرێنەوە (بەرزنجی، ٢٠٠١، صفحة ٦٩)،هەر لەبەرئەم کاریگەرییانەیە پیسبوونی ژینگە لەهەرە دیارترین ومەترسیدارترین دیاردەیە کە لەخانەی ڕوو بەڕوبوونەوەی ڕاستەوخۆ دادەنرێت، ئەمەیش بەوپێیەی بەهۆیەوە جگە لەزیانگەیاندن بەمرۆڤەکان ئەوا دارستانەکانیش نامێنێ (عزیز، ٢٠٠٠، صفحة ٢٣٤). پیشەسازیی یەکێکی ترە لەکاروچالاکییەکانی مرۆڤ ، کاریگەری خراپی لەسەر ژینگەی ناوچەکە دەبێت ، هەرچەندە هەرجۆرە پیشەسازییەك بەجۆرێك کار لە چەند ڕەگەزێکی تایبەت دەکات، بەڵام بەگشتی کۆی هەموو جۆرەکانی پیشەسازی و پاشماوەکانیان ، کار لە کۆی گشتیی ڕەگەزەکان دەکەن ، بۆ نموونە پیشەسازی پەینی کیمیاوی ، کار لەئاستی نیترات دەکات ، هەموو پاشماوە پیشەسازییەکان کار لەبەرزکردنەوەی ئاستی کلۆراید و کار لەئاستی ئەلکەلاینتی دەکەن (عەبدولرەحمان، ٢٠٠٨، صفحة ١٢٦). بەهۆی زۆری بەکارهێنانی گاز و بەنزین و مادەی کیمیایی پیسکەرەوە، کارگەکانی ناوچەی توێژینەوەکە لەداهاتووی نزیکدا هۆکارێکی گەورەدەبن بۆ پیسکردنی ژینگەی ناوچەکە، بەجۆرێك یارمەتیدەر دەبن بۆگەشەپێدانی کرداری بەبیابانبوون و پیسبوونی هەوای ناوچەکە بە گازی دوانەئۆکسیدی کاربۆن و کبریت و سەرچاوە ئاوییەکانیشی بە توخمە کیمیاییە بەکارهاتووە

فرێدراوەکان، کە دەچنە پێکهاتەی خۆراك و خاکی ناوچەکەوەو لەداهاتوودا خەڵکی ناوچەکە دووچاری چەندین نەخۆشی دەکەنەوە، وە پیسبوون بەهۆی چالاکیە پیشەسازیەکانەوە خۆی لە سێ لایەن دەبێنێتەوە ئەوانیش:-

١-پیسببونەکە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنانی کاڵایەك لە سەرەتاوە تا کۆتایی دروستبونی کاڵاکە.

٢-پیسبوون سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شوێنەوارە خراپەکانی بەکاربردن بۆ ئەو کاڵایانەی کە هەستیارە بەژینگە.

٣-ئەژمارکردنی ژینگە بەیەکێك لەفاکتەرەکانی بەرهەمهێنانی کاڵاکان (قادر، ٢٠٠٨، صفحة ٨) .

٤- ڕێژەی ئەو خۆڵەی کە لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی پیشەسازیەوە بەرز دەبێتەوە بەیاریدەی هۆکاری سروشتی لەسەر رووی زەوی .

هەر لەبارەی ناوچەی پیشەسازیشەوە دەتوانین بەراوردێك بکەین لە نێوان تێکڕای ڕەگەزەکانی ناوچەی پیشەسازی و تێکڕای ڕەگەزەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ، بۆمان دەردەکەوێت، کە لە ساڵی (٢٠٢١)دا دا تێکڕای( Ph )لەناوچەی پیشەسازیدا ( ٨,٤ ) بووە ، لەکاتێکدا لە ناوچەی لێکۆڵینەوەکە ( ٦,٧)بووە ، واتە ئاستی تفتی لە ناوچەی پیشەسازی بەرزترە وەك لە لێکۆڵینەوە بەگشتی.

دەتوانین بڵێین کە پیسبوونی ژینگە بەهۆی پیشەسازییەوە لەداهاتوودا ئەگەری زۆرە ببێتە سەرچاوەی زۆر کێشەی ژینگەیی لەناوچەی توێژینەوەدا و ئەم پیسبونەیش تەنها کاریگەریەکەی لەسەر مرۆڤ بەدیارناکەوێت بەڵکو کاریگەری پیسبوونی ژینگە پێشوەختەی لەسەر ئاژەڵیش هەیە کە ئەمەش بەهۆی خواردنی ئەو رووەکانەوە روودەدات کە کاریگەری پیسبوونی ژینگەیان بەسەرەوەیە، کە پێکهاتەکانی کلۆر لەسەر گەڵای رووەك و گژووگیا دەخۆن وئەمەش دەبێتە هۆی داخورانی دانەکانیان و کەمبوونەوی بری شیریان بەتایبەت ئەو ناوچانەی کە پیشەسازی ئەلەمنیۆم و کارگەی کیمیاوی و سیرامیکی لێیە لەناوچەی توێژینەوەکەدا، وەك چۆنیش پیسکەرەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر بیناو کانزاکان و بەرهەمە پیشەسازیەکان، کە دەبێتە هۆی داخوران و پیسبوونی و گۆڕانی ڕەنگیان.

## تەوەری دووەم: گرنگترین هەنگاوەکان بۆ گەشەپێدانی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجەدا

پاش دیارخستنی ئاستەنگەکانی پێش گەشەکردنی، لێرەدا گرنگترین هەنگاوەکان بۆ گەشەپێدانی داهاتووی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجەدا دەخەینەڕوو، ئەمەیش پشت بەست بە بەرنامەسازیی حکومیی لەناوچەکەدا کە بڕیارە کۆمەڵێك کارگە دابمەزرێنێت پشت بەست بە کەرتی تایبەت، واتا ئاسانکاری بۆ کەرتی تایبەت بکات بۆ کردنەوەی کۆمەڵێك کارگەی نوێ لەسنوری ناوچەی توێژینەوەکەدا. لێرەشدا هەنگاوەکانمان دابەشکردووە بۆ دوو جۆر، کە ئەوانیش:

١-هەنگاوە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیەکان بۆ داهاتوی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجەدا.

٢-ئاسۆی داهاتووی کەرتە پیشەسازییەکان لەپارێزگای هەڵەبجەدا .کە لێرەدا بەوردی باسیان لێوەدەکەین.

١-هەنگاوە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیەکان بۆ داهاتوی پیشەسازیی لە پارێزگای هەڵەبجەدا.

ئەمەیش کۆمەڵێك ڕێوشوێن دەگرێتەوە کە حکومەت سەرپەرەشتی بەدیهێنانی دەکات و زۆرینەی پەیوەندە بە کەرتی تایبەتەوە، کە ئەوانیش:

أ-زیادبوونی بەردەوامی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە ، واتا زیادبوونی ژمارەی شارنشینە بەبەراورد بەگوندنشین، کە ئەمەیش مانای زۆربوونی پێداویستیەکان و هاندانە بۆ دامەزراندنی پیشەسازیی هەمەجۆر لەسنوری ناوچەی توێژینەوەکەدا، سەرباری ئەوەی ئەم زیادبوونی دانیشتوانە واتای گەورەبوونی بازاڕی بەکاربردنە.

ب-بەپێی خاکی ناوچەی توێژینەوەکە هاندەرێکی زۆرباشی گەشەکردنی کەرتی پیشەسازییە لەناوچەکەدا، بەتایبەت پیشەسازیی خۆراك و بیناسازیی، کە ساڵانە بەرهەمێکی بێشوماری خواردەمەنی و کەرەستەی خاوی بیناسازیی تێدا فەراهەم دەبێت و تەنها پێویستی بە ئاوەزێکی پێشکەوتوو تەکنەلۆژیایەکی مۆدێرنە بۆ سوود لێ بینینی.

ج-سەرباری هەموو ئەوانەی باسکران چارەسەرکردنی گرفتەکانی کەرتی پیشەسازیی لەناوچەکەدا هاندەری مەزنە بۆ پێشکەوتنی کەرتی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوەکەدا، لەشێوەی هەرزانی دابینکردنی کارەبا و سووتەمەنی، کەمکردنەوەی باجی پیشەسازیی و باشترکردنی ڕێگاوبان و ڕێکخستنی کرێی گواستنەوە و کەمکردنەوەیگومرکی سەر مادە خاوەکانی پیشەسازیی، هاندانی هاتنی سەرمایەی ناوخۆیی و بیانی بۆ پارێزگاکە، سەرباری هاندان بۆ ئەوپەڕی سوود ووەرگرتن لەکەرەستە خاوەکانی ناوچەکە، کردنەوەی خولی پێگەیاندنی کارمەندی پیشەیی و

پەیوەندکردنی زانکۆی پارێزگاکە بەبازاڕی کارەوە، لەگەڵ هاندانی ئەنجامدانی رووپێویەکی گشتگیر بۆ زانینی خواستی دانیشتوانەکەی لەسەر جۆری بەرهەمەکان، لەگەڵ هاندان بۆ ڕۆیشتنە دەرەوەی شاری ناەندە پیشەسازییەکان و یەکخستنی بەشەکان لەو ناەندە پیشەسازییە نوێیەدا.

خ-دروستکردنی ناوچەیەکی تایبەتی کۆگاکردنی بەرهەمەکان، بەجۆرێك بتوانرێت زیادەی بەرهەم بەپێی وەرزەکان هەڵبگیرێت و لەوەرزی کەمی بەرهەمدا بەهەمان نرخ و بەبێ زیادەچوونەسەر بفرۆشرێتەوە.

د-بەهێز جێبەجێکردنی یاسای پاراستنی بەرهەمە ناوخۆییەکان، بەجۆرێك ئەمە دەبێتەهۆی سەرخستنی بەرهەمەکان و توانینی فرۆشتن بەبێ کێبڕکێیەکی ئەوتۆی بەرهەمە بیانیەکان.

د-ڕەچاوکردنی خێرایی و ئاراستەی با، لەکاتی دامەزراندنی کارگە پیشەسازییەکاندا، هاندەرە بۆ پاراستنی ژینگەی ناوچەکە و بەتەواوی جێگیربوونی کارگەکە، بەتایبەتە کارگە پیسکەرەکان، بەجۆرێك لەداهاتودا ناکەونەبەر هەڵمەتی لابردن و شوێنگواستنەوە کە مانای شکستهێنانی کارگەکە دەگەیەنێت.

ر-قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زەوی بەراوو کشتوکاڵی بۆ کارگەی پیشەسازی، کە هۆکاری زیادبوونی بەرهەمی کشتوکاڵ و دابینکردنی کەرەستەی خاوە بۆ زۆرکارگەی پیشەسازی خۆراکیی.

ز-هاندان بۆ سوود وەرگرتن لە وزەی کارەبایی کارۆئاویی لەناوچەکەدا، لەڕێی دانانی تۆڕبین لەسەر بەشێك لە تاڤگەی زەڵم و دروستکردنی بەنداوی کارۆئاویی لەسەر ڕووباری سیروان.

پشت بەست بەوەی خراوەتەڕوو دیارکەوتووە کە کەرتی پیشەسازی لەناوچەی توێژینەوەکەدا داهاتوویەکی گەشی هەیە، بەتایبەت لەسایەی دەستەبەری کەرستەی خاوو، ئاووهەوای گونجاو، دەستیکاری هەرزان، بازاڕێکی ئامادە بۆ ساغکردنەوەی بەرهەکان، گونجاوی ڕێگاکانی هاتووچۆ بۆ گواستنەوەی بەرهەمەکان بۆ قەزای ناوەند و شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان بەکەمترین تێچوون.

## تەوەری سێیەم: ئایندەی کارگە پیشەسازییەکانی ناوچەی توێژینەوەکە

بەمەبەستی دەستیشانکردنی ئایندەی کارگە پیشەسازییەکانی ناوچەی توێژینەوەکە پشتبەست بە تەرزی پیشەسازی، ئەوا هەستاوین بە دابەشکردنی ئەم کارگانە بۆ چەند لقێك، کە ئەوانیش:

١-داهاتووی کارگەکانی کەرتی گشتی و پیشەسازی لەپاریزگای هەڵەبجە تاساڵی (٢٠٣٥)

هەرچی تایبەتە بە کارگەکانی کەرتی گشتی لەناوچەی توێژینەوەکەدا، ئەوا تەنها شوێنەواری چەند کارگەیەکی کۆنن و هیچیتر، جگە لەکارگەی بەرهەمهینانی ئۆکسجین. بەوپێیەی حکومەتی هەرێم لەڕووی پیشەسازییەوە هاندەری کەرتی تایبەتە و بۆئەمەیش تاڕادەیەك ئاسانکاری کردووە، بەڵام وەکو کەرتی گشتی هیچ کارگەیەکی ئەوتۆی لێ نییە، بەڵکو تەواوی ئامانج و ئامانجەکان ئاراستەی کەرت و سەرمایەی تایبەت کراون لەناوچەی توێژینەوەکە و هەرێمی کوردستانیشدا، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە کە حکومەتی هەرێم هەرگیز نیازێکی نییە بۆ دامەزراندنی کارگەی پیشەسازی تایبەت بە کەرتی گشتی لەناوچەکەدا، بەڵکو حکومەت هاندەری ئەمکارەیە بەومەرجەی ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی و ڕێکخراوە خێرخوازییە پیشەسازییەکان یارمەتیدەری ئەم هەنگاوەبن، هەروەها حکومەت چاوی لەسەرئەوەیە لەداهاتوودا لە ناحیەکانی سیروان و خورماڵ بەپێی دەستەبەری بنەما پیشەسازییەکان هانی دامەزراندنی کارگەی پیشەسازی بدرێت، بەتایبەت کارگەی لەقوتونانی خۆراك ورێکخستنی کارگەکانی چەوولم و بلۆك و کانزاییش لەناوچەی توێژینەکەدا، بەمەیش ئومێدێك هەیە لەداهاتووی دووردا لەڕووی پیشەسازی کەرتی گشتییەوە ناوچەی توێژینەوەکە گەشەی مەزن بەخۆوە ببینێت، بەتایبەت پاش ئەو توێژینەوەیەی بۆ داهاتووی کەرتی پیشەسازی ناوچەکە لەلایەن وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازییەوە ئەنجام دراوە. زانیاری وردتر لە خشتەی ژمارە( ١٠ )دا خراوەتەڕوو.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

خشتەی(١٠)

کارگەکانی کەرتی گشتی پێشنیارکراو بۆ ناوچەی توێژینەوەکە

| شوێنی دامەزراندن | جۆری کارگە | بڕی پارەی پێویست |
|---|---|---|
| قەزای سەنتەر | کاغەز+خۆراك+کانزا+کیمیاوی+چاپەمەنی | ١٣ملیار |
| ناحیەی سیروان | بیناسازی+خۆراکی+کانزایی | ٨ملیار |
| ناحیەی خورمال | خۆراك+کانزایی | ٤ملیار |
| ناحیەی بیارە | خۆراکی+بیناسازی | ٢ملیار |
| کۆی گشتی | | ٢٧ملیار دینار |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی، بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون، بەشی پلان، داتای بلاونەکراوە، ٢٠٢١

٢-داهاتووی کارگەکانی کەرتی تایبەت و پیشەسازیی تاسالی(٢٠٣٥)

سەرباری ئەوەی گرانە بتواندرێت پێشبینی ڕاستەقینەی داهاتووی پیشەسازیی ناوچەی توێژینەوەکە بکرێت بەڵام لەڕووی سەرمایەی کەرتی تایبەتەوە بەگشتی ئومێدێك هەیە کە لەداهاتوودا لە ناوچەی توێژینەوکەدا دەیان کارگەی قەبارە بچووك و مام ناوەندی پیشەسازیی دابنرێت کە پشت بەستە بە ژمارەی هێزی کارەوە، سەرباری هەوڵەکان بۆ نوێکردنەوەی کارگەکانی ئێستا و بەتەکنەلۆژیاکردنیان، لەگەڵ بوونی جۆرێك لەدڵنیایی بۆ بەردەوامی ئەم کارگە پیشەسازیانەی ئێستا، ئەمەیش بەهۆی پێویستی بەرهەمەکانی ئەم کارگانە بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانی بازاڕی ناوخۆ و پاش دیراسەکردنی داهاتووی کارگەکانی کەرتەکانی تایبەت لەلایەن توێژەرەوە ئەوا وەك لەخشتەی (١١) دا دیارکەوتووە کە ژمارەی کارگەی پێشبینیکراوی دامەزراو لەقەزای سەنتەردا بۆچەندسالی داهاتوو بریتییە لە (١٩)کارگە و لەناحیەی سیروانیش(٢٤)کارگە و ناحیەی خورمالیش(١٦)کارگە و ناحیەی بیارەش(٢)کارگە .

خشتەی(١١)

کارگەکانی کەرتی تایبەتی پێشنیارکراو بۆ ناوچەی توێژینەوەکە

| شوێنی دامەزراندن | جۆری کارگە | ژ.کارگە | بڕی پارەی پێویست |
|---|---|---|---|
| قەزای سەنتەر | کیمیاویی+خۆراکی+کانزایی | ١٩ | ٧ملیار دینار |
| ناحیەی سیروان | بیناسازیی+کانزایی+خۆراکی | ٢٤ | ٩ملیار |
| ناحیەی خورمال | کانزایی+خۆراکی | ١٦ | ٢ملیار |
| ناحیەی بیارە | خۆراکی | ٢ | ٥ملیون |
| کۆی گشتی | | ٦١ | ١٩ملیار دینار |

سەرچاوە:هەمان سەرچاوەی خشتەی ژمارە(١٠)

بەوپێیەی ساڵانە و بە زانینی جیاوازی نیوان ژمارەی سالەکانی ئاماری دانیشتوان ئەوا ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەکە بەهۆی زیادبوونی سروشتی و کۆچی عەرەبەوە بۆ سنورەکە زیادبونێکی نائاسایی لێدێتەبەرهەم و داواکارییەکانی بازاڕ زیاتردەبێت، هەربۆیە هەلی سەرکەوتنی کارگە پیشەسازییەکانیش فراوانتردەبێت، بەتایبەت کارگەکانی خواردنەوەی گازی و لەقوتونان و ئاوی کانزایی و کانزایی و بیناسازیش.

گرنگترین پێشبینیەکانیش بۆ داهاتووی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوەکەدا پشت بەست و بریتییە لە:

أ-پیشەسازیی خۆراك: پارێزگای هەڵەبجە لەڕووی پیشەسازیی خۆراکەوە تاڕادەیەکی زۆرباش خۆبەڕێوەبەرە، بەتایبەت لەڕووی شیرەمەنی و شیرینی و خواردنەوە گازییەکانەوە و هاڕینی گەنم وجۆ و پاککردنی برنج وکارگەی ئاوی کانزایی و لەداهاتوویشدا ئەم جۆرە پیشەسازییە لەناوچەی توێژینەوەکەدا لەگەشەیەکی بەهێزدا دەبێت.

ب-پیشەسازیی بیناسازیی: لەناوچەی توێژینەکەدا پرۆژەکانی خانوبەرەو ڕێگاوبان لەبرەوسەندنی گەورەدایە، هەربۆیە ئەم جۆرە کارگە پیشەسازیانە هەمیشە لەهەوڵی گەورەبوون و زیادبوون و هێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتودان، بەتایبەت کارگەکانی بەرهەمهێنانی بلۆك و چەوولم و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کارگەی قیر لەناوچەی توێژینەوەکەدا.

ت-پیشەسازیی کانزایی: ئەم چەشنە لەپیشەسازیی لەناوچەی توێژیکەدا لەداهاتوودا دەتوانێت بەهێزببێت بەتایبەت گەر بزانین لەناوچەکەدا خاوی هەمەجۆر هەیە جا گەر کەمیش بێت بەڵام خاوی پلەدوو یاخود ڕیساکلینی باشترین خاوی ناوچەکەن بۆ دامەزراندنی کارگەی پیشەسازیی کانزایی.

پ-پیشەسازیی دارتاشی: لەگەڵ زیادبوونی بەردەوامی دانیشتوان و گەشەی بیناسازیی پارێزگاکەدا، گەشەی پیشەسازیی دارتاشیشی لێ دەکەوێتەوە، هەربۆیە ئومێدێکی زۆر بەدیدەکرێت بۆ گەشەی ئەم کەرتە لەداهاتووی ناوچشەی توێژینەوەکەدا.

ج-پیشەسازیی چاپەمەنی: لەگەڵ کردنەوەی زانکۆی هەڵەبجە و زیادبوونی نائاسایی دانیشتوانی پارێزگاکەدا، گرنگی و گەشەی ئەم جۆرە لەپیشەسازیی لەبرەودابووە و بۆ داهاتوویش یەکێکە لەسەرکەوتووترین کەرتەکانی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوەکەدا.

## ئەنجام

لەئەنجامی ڕاڤەکارییەکانی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بە چەند ئەنجامێك، کە لیرەدا گرنگترینیان دەخەینەڕوو:

١-بەپێی دەرئەنجامی فۆرمی ڕاپرسی و سەرژمێری دیارکەوتووە، لەپارێزگای هەڵەبجەدا(١٤١)کارگەی قەبارە جیاواز هەیە، کەبەشێوەی یەکسان دابەشنەبوونەتە سەر ناحیەکاندا.

٢-کاریگەری کەرەستەی خاو لەدامەزراندنی کارگەکاندا پەیوەندە بە هەندێ جۆری کارگەوە، وەکو کارگەی ئاو و دۆشاوی تەماتە و چەوولم، کە کارگەکە ناچاردەکات لەنزیکی کەرەستە خاوەکان بێت، هەربۆیە ئەم جۆرە کارگانە دەکەونە دەرەوەی سەنتەری هەڵەبجەوە.

٥-زۆرینەی کارگەکانی ناوچەکە بەگشتی بۆ خۆبژێوین، واتا کارگەی بچوکن و بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ناوچەی توێژینەوەکە دامەزراون.

٣-لەناوچەی توێژینەوەکەدا کۆمەڵێك کێشەو ئاستەنگ هەن کە ڕێگرن لەپێش پێشکەوتنی کەرتی پیشەسازیی، کە ئەوانیش بریتین لە:

أ-گرانی نرخی ورزە و کەمی دەستیکاری شارەزا و کەمی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە، کە فاکتەرگەلێکی نەرێنین لەگەشەکردنی پیشەسازیی لەسنوری توێژینەوەکەدا.

ب-نایەکسانی دابەشبوونی کارگە و ناوەندە پیشەسازییەکان لەناوچەی توێژینەوەکەدا ڕوونە، بەجۆرێك زۆرترین کۆبونەوەی ئەم کارگانە لە قەزای سەنتەردایە، هەربۆیە زۆرترین دانیشتوانیشی لەدەوری خۆی کۆکردۆتەوە و هۆکارە بۆ زۆری پاشەڕۆی پیشەسازیی لەسنورەکە و دیارکەوتنی کێشەکانی پیسبوونی ژینگەیش لەقەزای سەنتەردا.

ج- سەبارەت بە کیشەی نادەستەبەری ئامێری میکانیکی ئەوا (٤٩,٢٩٪) ی کارگەکان دووچاری ئەم گرفتەن. بەڵام کێشەی سوتەمەنی لەئاست کۆی کێشەکانی ناوچەی توێژینەوەدا بریتییە لە(٧١٪)ی کارگەکان . سەرباری ئەوەی (٤٢,٩٨٪)ی کارگەکان کیشەی سەرمایەیان هەیە. وە (٣٧,١٣٪)ی کارگەکان بەدەست کەمی دەستیکاری شارەزاوە دەناڵینیت.

٤-لەناوچەی تویژینەوەدا تاسالی (٢٠٣٥) نزیکەی (٦١)کارگەی پیشەسازیی لەکەرتی تایبەت و دەیان کارگەی پیشەسازی لەکەرتی گشتی پیشنیارکراوە کە تا ئەوکات زۆرینەیان دەکەونە سەرڕێ .

## پێشنیار

١-کارکردن بۆ چارەکردنی هەموو ئەو ڕێگرییانەی هۆکاری گەشەنەکردنی کەرتی پیشەسازین لەپارێزگای هەڵەبجەدا کە خۆیان دەنوێنن لەکەمی ئامیر و تەکنەلۆژیای پیویست بۆ گەشەپیدانی پیشەسازییەکان و کەمی دەستی کاری شارەزا و گرانی نرخی کەرەستە خاوەکان و سووتەمەنی و ووزە.

٢-گرنگیدان بەوپەڕی سوود وەرگرتن لە دەرامەتە مرۆیی و سروشتیەکانی ناوچەی توێژینەوە، بەمەبەستی بەدیهێنانی ئەوپەڕی گەشەی پیشەسازیی لە ئاییندەی ناوچەکەدا .

## سەرچاوەکان


١-ئەسوەد، قادر.( ٢٠٠٨). کاریگەری ژینگە لەسەر گواستنەوەی پیشەسازییە پیسکەرەکان، گۆڤاری ژینگەو ژیان، ژمارە(٧)، هەولێر.

٢-احمد، پرشنگ حمە ئەمین.( ٢٠٠٨). ژینگەپارێزی، چاپخانەی دیلان، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٣-بەرزنجی، صدیق محمود.( ٢٠٠١). کاریگەری مرۆڤ لە ژینگە پیسکردندا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، چاپی یەکەم، هەولێر.

٤-حکومەتی هەریمی کوردستان.( ٢٠٢١). وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی، بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون، بەشی پلان، داتای بلاونەکراوە.

٥-دەزگای ئاماری هەرێم.( ٢٠٢١). نەخشەی بنچینەیی پارێزگای هەڵەبجە ، داتای بلاونەکراوە.

٦-رەسوڵ، علی ئەحمەد.( ٢٠٠٧). تەنانەت کارەباش ژینگە پیس دەکات، گۆڤاری زانستی سەردەم، ژمارە (٣١)، ساڵی هەشتەم.

٧-عزیز، قادر حاجی.( ٢٠٠٠). کێ دەتوابێت لە ئاستی پیسببونی ژینگەدا بێ دەنگ بێت، گۆڤاری زانستی سەردەم، ژمارە (٥) ساڵی(٢) .

٨-عەبدولرەحمان، ڕۆژان فەرەیدون.( ٢٠٠٨). شیکردنەوەی جوگرافی بۆ جیاوازیی پیسبوونی ئاوی ژێرزەوی لە ناوچەی سلێمانیدا نامەی ماستەی،کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی ، بلاونەکراوە.

٩-وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی.(٢٠٢١ ). بەرێوەبەرایەتی گشتی گەشەپیدانی پیشەسازیی، بەشی پلاندانان، داتای بلاونەکراوە.

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

**زانکۆی سلێمانی-سلیمانی**

**کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان**

**بەشی جوگرافیا**

**خوێندنی باڵا**

**فۆرمی توێژینەوە**

پاش سوپاس و رێز، تکامان وایە بەدروستی وەڵامی پرسیارەکانی نێو ئەم فۆرمە بدرێتەوە، چونکە من کە لە خوارەوە واژۆم کردووە خوێندکاری ماستەر( ڕەنجدەر جەمال ڕەشید) لەکۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ زانکۆی سلێمانی ، خەریکی نوسینی توێژینەوەی ماستەرم بەناونیشانی ( شیکردنەوەی جوگرافی بۆ جێگیربوونی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجە) پێویستم بە داتاو زانیاری ئێوەی بەرێزە بۆ نوسینی توێژینەوەکەم، کە مەبەست لێی بەتەنها لایەنی زانستییە و بەهیچ جۆرێك زانیارییە تایبەتەکانی نێو ئەم فۆرمە بڵاوناکرێتەوە.

تێبینی :-

نیشانەی (✓)لەپێش وەڵامی دروستدا دابنێ یاخود بەژمارەیی نزیکراوەییش بێت ژمارەکان بنوسرێت.

**توێژەر**

......................................................................................................

**فۆرمی ڕاپرسی**

یەکەم: زانیارییە گشتیەکان

١-ناوی کارگە ( )

٢- جۆری بەرهەم: تەواو دروستکراە ( ) ، نیمچە دروستکراو ( )

٣-خاوەندارێتی ( )

٤- ساڵی بیناکردن ( )

٥-ساڵی کردنەوە( )

دووەم: زانیاری سەرەتایی دەربارەی شوێنی کار

١-شوێنی دامەزراوەکە، ناوەندی پارێزگا( )، ناوەندی ناحیە( ) کام ناحیە ( ) .

٢-کارگەکە لەسەر شەقامی گشتییە( ) ، لەدەرەوەی شار ( ) .

٣-کام لەمانە هۆکاربوونە بۆ هەڵبژاردنی شوێنی کارگەکە:

أ-دەستی کاری هەرزان( ) ،ب- بارودۆخی ئاووهەوایی ( ), ج-ئاسانی دەستکەوتی ئاووکارەبا و سووتەمەنی( )، د-نزیکی لە بازاڕ( ) ،ز-نزیکی کەرەستە خاوەکان ( ) ،هـ- ریگەی گواستنەوە ( )

٤-پاشماوەی کارگەکە چی لیدەکرێت؟

أ- فڕێ دەدریتە دەرەوەی شار( ) ، ب-ریساکلین دەکرێتەوە ( ) .

سێیەم: زانیاری دەربارەی سەرمایە

١-سەرمایەی کارگەکە بریتییە لە ( )ملیۆن دیناری عیراقی.

٢-سەرچاوەی پارەی کارگەکە چیە ؟

أ-تایبەتە (    ) ، ب- بانق و قەرزی حکومی (   ) .

چوارەم: سەرچاوەکانی ووزە

١-جۆری وزەی بەکارهاتوو بریتییە لە:

أ-کارەبا(   ) ، سوتەمەنی (    ) ، ج-کارەبا و سووتەمەنی(   ) .

٢-سەرچاوەی وزەکان بریتین لە:

أ-سەرچاوەی ناوخۆیی (    ) ، ب-دەرەوەی ناوچەی توژینەوە(     ) .

٣-ئایا کارگەکە سەرچاوەی ووزەی تایبەت بەخۆی هەیە(    ).

٤-بری سەرمایەی پیویست بۆ دابینکردنی سووتەمەنی چەندە، لەکۆی گشتی خەرجی ساڵانەدا (          )

پینجەم: رادەی دەستەبەری خزمەتگوزارییەکان

١- توانای بەرهەمهینان:  باش(     )   مامناوەند(       )  لاواز (          )

٢-سەرچاوەکانی ئاو: باش(     )   مامناوەند(       )  لاواز (        )

٣-یگەی گواستنەوە: باش(     )   مامناوەند(       )  لاواز (        )

شەشەم:زانیاری دەربارەی هۆکارەکانی گواستنەوە

١-هۆکارەکانی گواستنەوە ئاسانن (     )

٢-خاوەنداریتی هۆکارەکانی گواستنەوە بریتین لە:

أ-مولکی کارگەیە(    ) ، بەکرێ هێندراوە (    ) .

٣-تیچووی مانگانەی هۆکارەکانی گواستنەوە چەندن (          ) .

حەوتەم:زانیاری دەربارەی دەستیکار

١-ژمارەی کرێکارەکانی کارگەکە چەندە(     )

٢-کرێکارەکان سەرچاوەکەیان کوییە؟

أ-دەستیکاری ناوخۆیی(     ) ، بدەستیکاری بیانی (     )، ج-دەستیکاری تێکەڵاو(      ) .

٣-داهاتی مانگانەی کرێکارەکان بریتییە لە(            ) .

٤-کۆی تیچووی مانگانەی کرێکارەکان بریتییە لە (              )

هەشتەم: کێشەکانی پێش کارگەکە

١-کێشەی شوێن        (        )

٢-کێشەی کەرەستەی خاو        (        )

٣-کێشەی دەستیکار        (        )

٤-کێشەی کەمی سەرمایە        (        )

٥-کێشەی  گواستنەوە        (        )

٦-کێشەی جۆری بەرهەم        (        )

٧-کێشەی یاسایی        (        )

٨-کێشەی کارگێڕ        (        )

٩-کێشەی بازاڕکاری        (        )

١٠-کێشەی باج        (        )